له بەهەشتدا سەد پلە هەیە، خوای گەورە داینناوە بۆ موجاهیدان (تێکۆشەران) لە پێناوی خودا، نێوان دوو پلە وەکو نێوان ئاسمان وزەوییە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لە بەهەشتدا سەد پلە هەیە، خوای گەورە داینناوە بۆ موجاهیدان (تێکۆشەران) لە پێناوی خودا، نێوان دوو پلە وەکو نێوان ئاسمان وزەوییە».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم فەرموودەیەدا باسی فەزڵی موجاهیدەکان دەکات کە لە پێناو خوای گەورە تێدەکۆشن وجیهاد دەکەن، وخوای گەورە بۆ ئەو موجاهیدانە سەد پلەی داناوە لە بەهەشتدا، ولە نێوان هەر پلەیەک لە پلەکان وەکو دووری نێوان ئاسمان وزەوییە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3624